یونسکۆ هۆشداری دەدات لە بۆ ئامانجکردنی کەرتی پەروەردە لە غەزە

ڕێکخراوی پەروەردەیی و زانستی و کولتووری نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) ئەمڕۆ هەینی (27ـی تشرینی یەکەمی 2023) نیگەرانی خۆی لەبارەی بەردەوامبوونی پێکدادانەکانی کەرتی غەزە لەنێوان ئیسرائیل و حەماس دەربڕی و ڕایگەیاند، "نیگەرانین لە کاریگەری پێکدادانەکانی کەرتی غەزە بۆ سەر کەرتی خوێندن و خوێندکاران و کارمەندانی پەروەردە"، هەروەها "بانگەواز بۆ پاراستنی دامەزراوەکانی پەروەردە دەکەین وە بیرهێنانەوە و هۆشداری دەدەین لە بۆ ئامانجکردنی کەرتی پەروەردە لە کەرتی غەزە یان بەکارهێنانی وەک بنکەی سەربازی، کە ئەم کارانە پێشێلی یاسایی نێودەوڵەتی دەکات".